بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

## بەناوی گەلەوە

## بڕیار

## ژمارە ( ٣٣ ) ساڵی ٢٠١١

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو پێمان دراوە، بەپاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (٨) لە ٢٠١١/١٠/١١ بڕیارماندا بە دەرکردنی :

## یاسای ژمارە ( ٢٠ ) ی ساڵی ٢٠١١

## یاسای یەکەم هەموارکردنی یاسای هەموارکردنی جێبەجێ کردنی یاسای باجی دەرامەت ژمارە ( ٢٦ )ی ساڵی ٢٠٠٧ لە هەرێمی کوردستان – عێراق

**ماددەی یەکەم :**

بڕگەی (دووەم) لە ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (٢٦) ی ساڵی ٢٠٠٧ هەڵدەوەشێتەوە و کارکردن بە بڕگەی (دووەم) لە بڕیاری ژمارە (٥٢٠) ی ساڵی ١٩٨٧ رادەگیرێت و لەهەرێمی کوردستان – عێراقدا ئەمەی داێ جێی دەگرێتەوە:

(دووەم : ١- مامەڵەی بەخشینی یەك خانووی نیشتەجێ بوون یان یەك شوقەی نیشتەجێ بوون یان یەك پارچە زەویی ئامادە کراو بۆ نیشتەجێ بوون کەرووبەرەکەی لە (٨٠٠ م٢ ) زیاتر نەبێت کە لە نێوان دایك و باوك و رۆڵەکانیان یان لە نێوانی هاوسەراندا دەکرێت ، لە باجی دەرامەت دەبەخشرێت.

٢- ئەگەر پێ بەخشراو هەڵسوکەوتی گواستنەوەی موڵکایەتیی کرد لەو خانووە یان شوقەی نیشتەجێ بوونە یان پارچە زەوی ئامادە کراوە بۆ نیشتەجێ بوونی کە پێی بەخشراوە لە ماوەی پێنج ساڵ لە رۆژی تۆمار کردنی بە ناوی ئەوەوە لە فەرمانگەی تۆماری خانووبەرە ( تاپۆ ) ، ئەم هەڵسوکەوتە باجی دەرامەتی لە سەرە و مافی ئەو بەخشینە نایگرێتەوە کە لە بڕگەی (٢٠) ی ماددەی حەوتەم لە یاسای باجی دەرامەت ژمارە (١١٣) ی ساڵی ١٩٨٢ ی هەموار کراو و کار پێکراو لە هەرێمدا هاتووە ) .

٣- بڕگەی (١) سەرەوە بەسەر ئەو پشك و بەشەی فرۆشراوانەی خانووبەرەی جیاكراوە بەشێوەیەكی نافەرمیشدا پیادە دەكرێت بە ڕێژەی بەش یان پشك .

٤- حوكمەكانی بڕگەی (١)ی سەرەوە پیادە ناكرێت ئەگەر فرۆشیار مولكایەتیی پشك یان بەشی ئەو خانووبەرەیەی هەیەتی گواست بێتەوە ، ئەگەر پتر لە ساڵێك بەسەر بەرواری گواستنەوەی پشك یان بەشەكەدا تێپەڕ نەبوو بێت

**ماددەی چوارەم :**

بڕگەی ( چوارەم) لە ماددەی چوارەمی یاسای ژمارە (٢٦) ی ساڵی ٢٠٠٧ هەموار دەكرێت :

(چوارەم: بەڕێژەی ٥% باج بەسەر ئەو فەرمانبەرانەی هەرێمدا دەسەپێنرێت كە مووچەیان لە ملیۆنێك دینار بۆ تێكڕایی پلەكانی فەرمانبەریەتی وكەرتی تایبەتی زیاترە كە بەفەرمی تۆماركراوان وخاوەن پۆست و پلەی وەزیفی تایبەتن).

**ماددەی پێنجەم :**

ئەو یاسا و بڕیارانەی باج كە لە هەرێمی كوردستاندا لە كاردان هەر كاریان پێ دەكرێت بەوەی لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایەدا ناكۆك نەبن .

**ماددەی شەشەم :**

دەبێ وەزیری دارایی و ئابووری ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێ كردنی حوكمەكانی ئەم یاسایە دەربكات .

**ماددەی حەوتەم :**

دەبێ ئەنجومەنی وەزیران و لایەنانی پەیوەندیدار حوكمەكانی ئەم یاسایەدا جێبەجێ بكەن .

**ماددەی هەشتەم :**

كار بە دەقی هیچ یاساو بڕیارێكی ناكۆك لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایە ناكرێت .

**ماددەی نۆیەم :**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بلاّوكردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی ( وەقایعی كوردستان) دا كاری پێ دەكرێت .

**مسعود بارزانی**

سەرۆكی هەرێمی كوردستان- عێراق

**هــەولـــێر**

٢/تشرینی دووەم/٢٠١١ی زایینی

١١/گەلارێزان /٢٧١١ی كوردی

٦/ذوالحـــجە/١٤٣٢ی كۆچی

**هۆیەكانی دەرچوونی**

بۆ سووك كردنی باری باج لەسەر شانی هاوولاّتیان وچاو خشاندنەوە بە بەخشینەكانی باج ، ئەم یاسایە دەرچوو.